# بڕیارنامەی هاوبەش، 2005/11/12

## ڕژیمی ئێران دەبێ پێشێلکردنی مافە دێموکراتیکەکانی کرێکاران، کۆتایی پێبێنێت!

مەحموودی ساڵحی، جەلالی حوسێنی، موحسینی حەکیمی، مەحەممەدی عەبدیپوور، بورهانی دیوارگەر، ئیسماعیلی خودکام و هادی تەنومەند، کە لە ئاستی جیهانیدا وەک پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران ناسراوون، لە بەهاری ساڵی 2004 دا و لە ڕێگەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری مارشی یەکی ئەیاری شاری سەقزەوە، هەڵسان بە سازماندانی مارش و جەژنی یەکی ئەیاری ئەو شارە. ئەو هاوڕێیانە، لەو 50 کرێکارە بوون، کە بەتاوانی بەشداری لە جەژن و مارشی یەکی ئەیاری شاری سەقز، دەسگیر و زیندانی کران. هاوڕێیانی ناوبراو دوای 11 ڕۆژ مانگرتن لە خواردن، ئازاد کران.

ئەو کاتە ڕژیمی ئیسلامی ئێران، ناچار بوو لە ژێر گوشاری بزووتنەوەی جیهانیی کرێکاریی دا و بە وەسیقەیەکی یەکجار قورس، هاوڕێیانی زیندانی ئازاد بکات. ئەو هاوڕێیانە، دوای ئازادکرانیان، چەندین جار دادگایی کران. سەرەتا تەنیا تاوانێک، کە ئەو هاوڕێیانەی لەسەر دادگایی دەکرا، سازماندانی جەژن و مارشی یەکی ئەیار بوو، بەڵام دواتر، تاوانی ئەندامەتی (کۆمەڵە)، کە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستییە بەو " تاوانەی" پێشوو زیاد کرا. شایانی باسە، کە ئەو کاتە، ڕژیمی ئیسلامی ئێران، مۆڵەتی بە پارێزەرانی یاسایی کۆنفدراسیۆنی یەکیەتیگەلی سەربەخۆی کرێکاریی (ICFTU) نەدا کە، لە نزیکەوە چاوەدێری پرۆسەی دادگاییکردنی هەڵسووڕاوانی جوڵانەوەی کرێکاریی بکەن.

سەرەنجام" دادگای شۆڕش"ی ئیسلامی شاری سەقز، لە ڕێکەوتی 9 و 11ی نەوامبری 2005، حوکمێکی ناڕەوای بەسەر مەحمووی ساڵحی ، جەلالی حوسێنی، موحسینی حەکیمی، مەحەممەدی عبدیپوور و بورهانی دیوارگەردا سەپاند. حوکمەکان بەم جۆرەن:
مەحموودی ساڵحی، 5 ساڵ زیندان و 3 ساڵ دوورخستنەوە بۆ شاری قروە.
جەلالی حوسێنی 3، ساڵ زیندان
موحسینی حەکیمی، 2 ساڵ زیندان
مەحەممەدی عەبدیپوور، 2 ساڵ زیندان
بورهانی دیوارگەر، 2 ساڵ زیندان

ئێمە، ڕێکخراوەکانی خوارەوە، هێرشی ناڕەوای ڕژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران بەتوندی مەحکووم دەکەین و خوازیارین، کە ئەو حوکمە ناڕەوایانەی دراونەتە پاڵ بەڕێزان مەحموودی ساڵحی، جەلالی حوسێنی، موحسینی حەکیمی، مەحەممەدی عبدیپوور و بورهانی دیوارگەر، هەرچی زووتر هەڵوەشێندرێنەوە. هەروەها، لە ڕێکخراوی جیهانیی کار ( ILO ) داوا دەکەین، کە نوێنەرانی ئەنجوومەن و شۆرا ئیسلامیەکان، کە ئەنجوومەنگەلێکی کارتۆنیی سەر بە سیستمی داپڵۆسێنەرانەی ئێرانن، لە ڕێکخراوی جیهانیی کار ( ILO) دەر بکات.
**کرێکارانی ئێران، دەبێ مافی ئەوەیان پێبدرێت، کە ڕێکخراوە کرێکارییە ڕاستەقینەکانی خۆیان پێک بێنن!**

1) حیزبی کۆمۆنیستی فینلەند
2) ڕێکخراوی ئینتگراسیۆنی کۆچکردووانی دانیشتووی فینلەند ( SUMUKO )
3) یەکیەتی کۆمۆنیستەکانی فینلەند
4) یەکیەتی لاوانی کۆمۆنیستی شاری تامپێرێ
5) یەکیەتی سۆسیالیستەکانی فینلەند
6) حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - ڕێکخستنی فینلەند
7) یەکیەتی کۆمۆنیستەکان لە عێراق – ڕێکخستنی فینلەند
8) ڕێکخراوی ئیتحادی سۆسیالیستەکان - ڕێکخستنی فینلەند